# بەیاننامەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
# بەبۆنەی ٥٩یەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان

**رۆڵە بەشەرەفەکانی نەتەوەی کورد!**

**خەباتگێڕانی رێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

٥٩ ساڵ لەمەوبەر، رۆژی ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی(١٩٤٥ زایینی)، لە مەیدانی چوارچرای شاری مهاباد، کۆماری کوردستان راگەیەندرا.

کۆبوونەوەی رۆژی دوی رێبەندان و راگەیاندنی کۆماری کوردستان، نیشانەی خۆڕاگری، کۆڵنەدان و نەبەزینی نەتەوەی کورد بوو لە ماوەی سەدان ساڵ بندەستی و بەشمەینەتیدا؛ هێمای، ئازادی و ئازادیخوازی و تێکۆشان بوو بۆ پچڕانی پەتی یەخسیریوبە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و بنیاتنانی داهاتوویەکی بەختەوەرانە.

کۆماری کوردستان، وەدیهاتنی ئاوات و ئارەزووی لە مێژینەی کوردان بوو؛ وەراست گەڕانی خەونی خانی و حاجی و بەری خوێن و ئارەقە و رەنجی سەرکردە مێژووییەکانی نەتەوەکەمان، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، شێخ عەبدوسەلامی بارزانی و سمکۆ و مەلیك مەحمودی نەمر وژێنێراڵ ئێحسان نوری پاشا بوو.

بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، نەتەوەی کورد لە بەشێك لە نیشتمانە داگیرکراوەکەیدا، ئازادیی ئەستاند، چارەنووسی خۆی بەدەستەوە گرت و فەرمانڕەوایی نەتەوەیی دامەزراند؛ بێگانە بەدەری کرد و بووە خاوەن ماڵی خۆی، ئاڵای داگیرکەرانی تووڕ دا و ئاڵای نەتەوەیی خۆی هەڵکرد. کوردان بە دامەزرانی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیان درگای پێشکەوتن و گەشە و هەڵدانی هەمە جۆریان خستە سەرپشت و لە ماوەیەکی کورتدا دەسکەوتی گرینگیان وەدەسهێنا.

بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان؛ زمانی کوردی رەسمی کرا و بە خێرایی گەشەی ئەستاند، خوێندن و خوێندەوارکردن رمێنیان پێدرا، چاپخانە و رادیۆ و سینەما و شانۆ و کتێبخانەی میللی دامەزران و فەرهەنگ و وێژەی نەتەوەیی سەردەمێکی پرشنگداری بەخۆوە دیت؛ سوپای میللی –هێزی پێشمەرگە–، دامەزرا و بە هەزاران رۆڵەی کورد بۆ بەرگری لە کۆمار و پاراستنی خاکی کوردستان دڵخوازانە چوونە ریزەکانیەوە.

لە کۆماری کوردستاندا، ژنان مافی بەشداریی کردن لە ژیانی سیاسی و پێکهێنانی رێکخراوەی تایبەت بە خۆیان دەسکەوت و سەرانی کۆمار هاوسەر و کەس و کاری خۆیان بۆ چالاکیی لەو مەیدانەدا هاندا؛ سەرەڕای نائاسایی بوونی بارودۆخی ناوچەکە و چەکدار بوونی هەزاران کەس، رێگە بە کوشت و کوشتار و رەشە کوژی و تاڵان و بڕۆ نەدرا و ئاسایش و ئەمنیەتی هاووڵاتیان دەستەبەر کرا.

کۆماری کوردستان لە بەشێکی بچوك لە نیشتمانی دێرینی کوردان دامەزرا، بەڵام هیوایەکی گەورەی خستە دڵی هەموو رۆڵەکانی نەتەوەکەمانەوە. کۆمار بووە قیبلەی یەکبوون و هاوچارەنووسی کورد و کوردستان. بۆیە شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازانی کورد لە پارچەکانی دیکەی نیشتمانەوە بە پیر و هانایەوە چوون و کۆماریش باوەشی بۆ ئاواڵە کردن. سەرکردەی نەمر ژێنێراڵ بارزانی و بارزانییە شۆڕشگێڕەکان و ئەفسەرە قارەمانەکانی "هەیئەتی ئازادی" بوونە بڕبڕەی پشتی سوپای میللی کۆمار و پارێزەرانی گیان لەسەر دەستی کوردستان.

هەموو ئەم دەسکەوتە گەورانە و ئەو روداوە مێژووییانە، تەنیا لە ماوەی ١١ مانگدا وەدیهاتن و روویاندا؛ ماوەیەك کە بۆ ژیانی میللەتێك و بۆخۆ رێکخستن و خۆ بەرێوەبردن، تەنیا چرکەیەك دەژمێردرێ. بەڵام بەپێوانەی نرخ و بایەخیان قەڵمبازی مێژویی بوون.

ئەو واقعیەتانە، ئەم راستیە دەسەلمێنن کە ئەگەر کوردان، داگیرکەران لە نیشتمان رامالْن و دەسەلاّتی نەتەوەیی دامەزرێنن، ئەگەر دەستی زۆرداری لەسەر ئەم میللەت و ئاو و خاکە کورت بکرێتەوە، ولاّتی مە مەڵبەندی پێشکەوتن، شارستانیەت و ئاشتی و ئازادی و دیمۆکراسی دەبێ لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا.

مخابن کە کۆماری کوردستان بوو بە قوربانیی بەرژەوەندیی هێزە نێونەتەوەییەکان وچووە ژێر چەرخی بەرژەوەندیی زلهێزەکانەوە. ئاستی ئامادەیی و رادەی تاقەت و توانای گەلی کوردیش نەیتوانی پێش بە پیلانی دوژمنان بۆ لەناو بردنی کۆمار بگرێ. سەرەنجام کوردستانی ئازاد جارێکی دیکە داگیرکرایەوە، کۆمار رووخاو پێشەوا و ژمارەیەك لە باشترین ئەفسەر و کاربەدەستانی کۆمار لە مهاباد و بۆکان و سەقز لە سێدارە دران.

هەرچەن کۆماری کوردستان رووخاو تاریکیی باڵی بەسەر ولاّتداکێشایەوە، بەلاّم هەرگیز ئەو چرا و ئالاّیەی لە چوارچرا هەڵکران، لە دلاّندا نەکوژانەوە و نەنەوین! رۆڵە تێکۆشەرەکانی نەتەوەکەمان لە دۆخ و هەلومەرجی جۆراوجۆر و هەر جارێ لە پارچەیەکی نیشتماندا ئالاّی شۆڕش و رزگارییان هەڵکردەوە و سەر لەنوێ تێهەڵچوونەوە! وا ئێستا لە ٥٩مین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا کورد لە پارچەیەکی نیشتمانەکەیدا ئازادە و لە بەشێکی بەرفراوانیدا خاوەنی حوکمرانییە؛ لە پارچە داگیرکراو و بندەستەکانیشدا، لە خەبات و تێکۆشاندایە بۆ ئەستاندنی ئازادی و مافە رەواکانی. دەرسەکانی هەستان و هەڵدان و شکانی کۆمار دەبێ چرای رووناك کەرەوەی پاراستنی دەسکەوتەکان و بڕینی رێگای سەرکەوتن بن.

کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان بەم بۆنە پیرۆزە نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، گەرمترین پیرۆزباییەکانی پێشکەشی رۆڵە بەشەرەفەکانی نەتەوەکەمان دەکا، هەزاران سلاّو پێشکەشی گیانی پاکی پێشەوای شەهید و ژێنێراڵ بارزانی نەمر و هەموو پێشمەرگە و ئەفسەر و کاربەدەست و تێکۆشەرە شەهیدەکانی کۆماری کوردستان دەکا و وەك باڵێکی رەسەنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، لەم رۆژەدا پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکاتەوە کە، درێژەدەری پەیامی ئەوان و هەڵگری ئالاّی نەتەوەیی و سرودی نەتەوەیی و ئامانجی نەتەوەیی کورد و کوردستان بێ و هەتا رزگاری نیشتمان و ئازادی گەل و هەڵکردنەوەی ئالاّی نیشتمان، هەرگیز سەنگەری خەبات و بەرخۆدان چۆڵ نەکا.

دەبا یاد و بیرەوەری کۆماری کوردستان هاندەرمان بێ بۆ یەکگرتنی ریزەکانمان ، گوڕ و تیندان بە خەبات وسوربوون لە سەر ئەستاندنەوەی خاك و ماف و ئازادییەکانمان.با یاد و بیرەوەریی کۆماری سەروەری و سەربەستی، ئیلهامبەخشی تێکۆشان و کۆڵنەدانمان لە پێناو رزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا بێ!

**کەس نەڵێ کورد مردووە**

**کورد زیندووە**

**زیندووە قەت نانەوێ ئالاّکەمان**

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**٢ی ڕێبەندانی٢٧٠٤**

www.ruk2691.com
ruk2691@yahoo.com